ئایا
خاتو عائیشە
بوکێکی شەش ساڵان بوو؟!

T.O. SHANAUAS
نوسیویەتی

سلام ناوخۆش
لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

ئایاخاتوو عائیشه

بوکێکی شەش ساڵانە بوو؟!

ئایا
خاتوو عائیشە
بوکێکی شەش ساڵانە بوو؟!

نووسینی

T. O. Shanauas

وەرگێڕان و کورتکردنەوەی لە ئینگلیزییەوە

سەلام ناوخۆش

ناوی کتێب بەکوردی:	ئایا خـاتوو عائیشـە بـووکێکی شـەش ساڵانە بوو ؟!
نوسینـــــــــــی:	T. O. Shanauas
وەرگێڕانـــــــــی:	سەلام ناوخۆش
بڵاوکردنـــــــەوەی:	نوسینگەی تەفسیر بـۆ بڵاوکردنـەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
نەخشەسازی نـاوەوە:	جمعە صدیق کاکە
خــــــــــە ت:	نەوزاد کۆیی
بـــــــــەرگ :	أمین مخلص
نـۆرە و سـاڵی چـاپ:	یەکەم ١٤٣٤ک – ٢٠١٣ز
تـــــــــیراژ:	١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
- ژمارەی سپاردن
(٢٨١٩) ساڵی (٢٠١٢)پێدراوە

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

لە جیاتی پێشەکی

من دەمەوێ بە چەند ناونیشانێك لە بابەتەکە بدوێم :

فەرموودەکانی بوخاری ڕیوایەتی کردوون دەکرێ تاك تاکە لاواز بن.

بوخاری لە دیدی موسڵمانان کەسێکی زۆر پیرۆزە ، بەڵام مەعسوم نییە لە هەڵە ، هەر بە وتەی خوای گەورە " ئەگەر ئێوە هەڵە نەکەن ، خودا ئوممەتێك دەهێنێت هەڵە بکەن، تا لێیان ببورم ..." لە فەرموودەی پێغەمبەریش هاتووە :" هەموو مرۆڤەکان هەڵە دەکەن ، باشترین هەڵەکاران تۆبەکارانن ".

لەو دوو پێنگەوەوە ، دەکرێ ئەوەی لە بوخاریدا هەیە ، گێڕەوەکانی لە هەندێ فەرموودە لە بەر تەمەن زۆریی، هەواڵەکە نەیگێڕابیتەوە ، یان هەندێکی تر کەلتوری دوورگەی عەرەبی وای لە گێڕەوە کردبی، لە گێڕانەوەی ڕووداوێك سەرچیغ(سهو) بچێت، وەك

تێوەگلاندنی حەسانی کوڕی سابت لە ڕووداوی ئیفك ، کە زاتی خودا بەرگریی لە پاکی عائیشە کرد.

من شایەنی ئەوە نییم ، کە قسە لە زاتێکی وەك بوخاری، یان تەمەنی عائیشە بکەم ! کتێبی بوخاری و موسلیم کۆکەرەوەی زۆربەی فەرموودە دروستەکانی پێغەمبەرن (سەلامی خودای لە سەر بێت).

ئەو فەرموودانەی بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، بە پرۆسەی هەڵێنجان دەچنەوە ، چونکە ئەوانەی گێڕاویانەتەوە مرۆڤن ، بە واتای بە پرۆسەی لەبیرکردن ، سەهو دادەچن .هەروەها ئەو فەرموودانە بە پێوەری قورئان دەپیورێن .نابێت فەرموودە پێچەوانەو هەڤدژی قورئان بێت.

وێڕای ئەو دوو هۆکارەش ، ئەلبانی لە کتێبی (سلسلة الأحادیث الضعیفة و الموضوعة) چاپی دووەم ١٤٢٠-٢٠٠٠ ئەو فەرموودانەی بە ژمارە (١٨٢١ ،ل٢٩٩، ١٩٠٢، ل٣٧٥ ١٩١٢، ل٣٨٥ ١٩٢٣، ل٣٩٥) هاتوون بە فەرموودەی لاوازی داناون ، هەرچەندە ئەو فەرموودانە بوخاری ڕیوایەتی کردوون.

بوخاری و تەمەنی عائیشە

بە هیچ جۆرێ لە هەموو فەرموودەکانی نێو بوخاری نادوێم ، تەنها لە یەك فەرموودەی بوخاری دەدوێم ، کە باسی تەمەنی عائیشەی دایکمان دەکات .

عائیشە ئەوەندە لە ئیسلامدا گەورەیە ، هەتا وەك گوتمان زاتی خودا لە ئاسمانەوە، هەروەها لە سورەتی (النور)ی نێو قورئانی پیرۆز،

خودا باسی پاكیی كردووە، هەروەها پێغەمبەریش دەربارەی عائیشە دەفەرمووێ :"نیوەی دینەكەتان لەو ئافرەتە سووركەڵەیە - عائیشە وەرگرن ."

عائیشە ، كە ئەو پایە ئیمانییەی لای خوا و پێغەمبەر هەبێ ، بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبات، كە دەمێك بۆ پێغەمبەر دەبرێت، كچێكی تەواو گەنج بێت ،نەك منداڵێك لە كۆڵان یاری بكات.

لەو ڕوانگەوە ، دەتوانین بڵێین؛ ئەو ئافرەتەی نیوەی دینی ئێمەی لا بێت ، لە ڕووی لۆژیك (مـنـطـــق)ەوە، نابێت منداڵێك بێت یاری منداڵانە بكات .

عائیشە و ڕای نووسەر

جارێ لە لای وەرگێڕەوە، عائیشە لە هەر تەمەنێك شووی بە پێغەمبەر كرد بێت ، باوەڕی وەرگێڕ ناگۆڕێت . عائیشە هەر دایكی ئیمانی منە و بوخاری هەر تاجی سەرە .

ئەو دە بەڵگە قورئانیی ، ئیمانیی ، مێژوویی، لۆژیكییەی نووسەر لە سەر تەمەنی عائیشە (خوای لێی ڕازی بێت) هێناویەتیەوە وای لە وەرگێڕ كرد ، نووسینەكەی لە ئینگلیزیەوە وەربگێڕێت .

من بە هیچ جۆرێك باوەڕم بەو نووسەرانە نییە ، كە لە پێناو گومان و بەرژەوەندیەكی سیاسیی، یان ئابووریی، قسە لە سەر مەسەلەیەكی دینیی دەكەن . هیوادارم نووسەری ئەو دەقەش لە ڕوانگەی دڵسۆزیی بۆ ئیسلام ئەو كارەی كرد بێت .

دووبـارە و سـێ بـارەی دەکەمـەوە ، ئـەم نووسـینە، زۆر دوورە لـەو ڕشـانەوەی هەنـدێ گـومڕا و سەرلێشـێواو دەرهـەق بـە عائیشـەخان دەیڵێن.

ئـەم نووسـینە، وەڵامێـك نییـە بـۆ ئـەو ڕشـانەوانانە ، بـەڵكو ڕاسـتکردنەوەی مێـژووی ئـەو زاتەیـە کـە چـەندەها فـەرموودەی بـە دروستیی لە پێغەمبـەر (صـلى اللـه علیـه وسـلم) گێڕاوەتـەوە و، ڕەوتـی ڕووداوە ئیمانییەکانی پێ ڕاستکراوەتەوە.

داواکـارم لـە خـودای مـەزن، ئـەم وەرگێڕانـەم بـە توێشـووی ڕێگـا وەربگرێت .

سەلام ناوخۆش بەکر

پێشەکیی

وابـزانم بـەهاری ٢٠٠٩ بـوو، لەگـەڵ حـاجی ئوسـامەی کـاکم باسـی هەندێك بابەتی فیکری ئیسلامیمان دەکرد، قسە هاتـە سـەر زەواجی پێغەمبەر {علیه الصلاة والسلام} و خاتو عائیشەی دایکی ئیمانداران..
حاجی ئوسامە گوتی:
بەننا گوتی: کەوا گەنجێکی میسریی، بە ناوی {اسلام البحیری} لـە توێژینەوەیـەکی زانسـتی و دەگەمەنـدا دەریخسـتووە، کـە ئەوکاتـەی عائیشەی دایکی ئیمانداران زەواجی لەگەڵ پێغەمبەر کردووە، تەمـەنی نۆساڵان نەبووە وەك باوە، بەڵکو تەمەنی ١٨ ساڵان بووە!!
بەڕاستی، کە ئەو قسەیەم بیست، چی نەمابوو لە خۆشیان بـالگرم و پەروانە ئاسا بفڕم !!!
بەهـەرحاڵ خـۆم گەیانـدە ئەنتـەرنێت و لێکۆڵینەوەکـەی ٠اسـلام البحیری) م دۆزیـەوە .. کـە دۆزیمـەوە، یەکسـەر بـە حـاجی ئوسـامەم پیشـاندا، ئینجـا بـە بـابم و چـەند دۆسـت و بـرادەرێکیش، دیـاربوو هـەموویان، زۆریـان بـە دڵ بـوو، دڵخۆشـیش بـوون بەلاچـونی ئـەو

تەموومژەی، کە سەردەمانێکی زۆرە باڵی کێشاوە بەسەر ئەم بابەتەدا ..

ئیدی هەستام بە وەرگێڕانی توێژینەوەکەو ئامادەم کرد بۆ بڵاوکردنەوەی، بەڵام ڕاستیتان دەوێ، ترسێکی زۆرم هەبوو لە بڵاوکردنەوەی، چونکە ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر هەستیارەو، ڕەنگە دڵی هەندێك لە موسڵمانان بڕەنجێنێ و، بڵێن چۆن دەبێ ڕەخنە لە هەردوو پێشەوایان بوخاری وموسلیم بگیرێ و سەحیحەکانیان بخرێنە ژێر پرسیارەوە ؟!! بێئاگا لەوەی کە بوخاری وموسلیم ڕەحمەتی خودایان لێبێت، هەردووکیان وەك تەواوی ئینسانەکان، ئینسان بوونە و ئینسانیش مەعسووم نیەو قابیلی هەڵەکردن و بیرچوونەوەو هەموو شتێکە ..

ئەوە بوو پاش پرس و ڕایەکی زۆر، بڵاوم کردەوەو سوپاس بۆ خودای گەورە، سەدایەکی چاکی هەبوو ..

پاش ماوەیەك، هەر لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ئاشنابووم بەنوسینەکانی نوسەری سوریی { نادر قریط}، ئەو نادرە، ئەگەرچی بەناسنامە مەسیحییە، بەڵام لادینیەو بڕوای بە هیچ دینێك نیە !!

ئەوەی سەیرە، (نادر قریط) قەڵەمێکی زۆر بەئینسافی هەیەو، چەندین جار زۆر بەسەیری بەرگریی لەئیسلام و پێغەمبەرکردووە!!

بە هەرحاڵ یەك لەوبابەتانەی ئەو نوسەرە ، کە سەرنجی ڕاکێشام، بابەتێك بوو بە ناوونیشانی: { لصوص ومغفلون بین جمال البنا واسلام البحیری} و تیایدا بەبەڵگەی تەواوەوە دەریخستبوو، کە البحیری ئەم لێکۆڵینەوەیەی نەنوسیووە، بەڵکو، تەنها وەرگێڕێکەو بەس !!

نادر دەڵێ: ئەمن ساڵی ٢٠٠٠ ئەو بابەتەم لە گۆڤارێکی ئەڵمانی دیووە و هەتا خێزانەکەشم زۆر دڵی بەو لێکۆڵینەوەیە خۆشبوو ..

بەڵێ، نادر فریط دەریخست، کە ئەو کەسەی ئەو لێکۆڵینەوە دەگمەنەی نوسیووە، فیزیا ناسێکی ئەمریکی موسوڵمانەو ناوی { تی ئۆ شەنەڤازە} ساڵی ١٩٩٩ لەو پێگەیە بلاّوی کردۆتەوە!!!:

www.ilaam.net/articles/ayesha.html

کەچی (اسلام البحیری) ساڵی ٢٠٠٨ دێت و، پڕ بەگەرووی هاوار دەکا و بێشەرمانە دەڵێ: هەڵەی سەدەها ساڵی زانا گەورەکانی پێشەخۆم ڕاستکردۆتەوە !!!!

ئینجا دوای ئەمە ئیمێلێکم بۆ مامۆستای خۆشەویست {مامۆستا سەلام ناوخۆش } نارد، کە ئەوکات لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا بوو، پێم گوت : مامۆستا بابەتێکی وەها هەیەو، ئەگەر مەجالت هەیە دەتوانی تەرجەمەی کەی ؟ مامۆستا وەرامی دامەوەو گوتی: بەڵێ مەجالم هەیە و بینێرە ، ئیدی بابەتەکەم بۆ مامۆستا ناردو، ئەویش هەر لەوێندەر تەرجەمەی کرد و، لەبۆمی هەناردەوەو ئەرکی بڵاوکردنەوەی بەمن سپارد..

بێگومان ئێمە لەو کارەمان تاکە مەبەست، بەرگریکردنە لە ئیسلام و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و خاتوعائیشەی دایکی ئیمانداران.. چونکە مەسەلەی زەواجی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ خاتو عائیشە، یەکێکە لەو مەسەلانەی کە دژەدین و موفلیس و فاشیلان، هەمیشە و هەمیشە کردوویانە بەهۆکارێك بۆ خۆشکردنی بازاڕە کەسادەکەیان ..

دووبـاره سوپاسـی حـاجی ئوسـامه دەکـەم، کـه لـه ڕێگـەی ئـەوەوە گەیشتینه ئەو توێژینەوەیەو، بەهەمان شێوە زۆر سـوپاس بـۆ مامۆسـتا سەلام ناوخۆش، که بەو زمانه جوانه توێژینەوەکەی تەرجەمە کرد ..
بەهیوای تەندروستیەکی باش بۆ مامۆستا سەلام.

موسعەب جەمیل
هەولێر ـ کوردستان
٢٠١٢/٦/١٧

ئایا عائیشە بوکێکی شەش ساڵانە بوو؟!

جارێك برادەرێکی فەلە(مەسیحی)م لێمی پرسی: "کچە حەوت ساڵیەکەی خۆت دەدەیتە پیرەمێردێکی پەنجا ساڵی؟"
ئەوسا من بێدەنگ بووم، ئەویش هەر بەردەوام بوو: "ئەگەر بەمە ڕازی نابی، ئەی چۆن بەوە ڕازی دەبی عائیشەیەکی حەوت ساڵانە بەری بدرێتە پێغەمبەرەکەت؟!".
منیش وتم: "هەنوکە هیچ وەڵامێکم بۆ پرسیارەکەت پێ نییە!"
برادەرەکەم، کە ئەمەی گوێ لێبوو، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، بەڵام درکێکی لە دڵی باوەڕەکەمی جێهێشت!
زۆربەی موسڵمانان ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەی ئەوسایان تەواو پێ قەبوڵ بوو، ئەگەرنا خەڵك بەو هاوسەرگیریەی پێغەمبەر(درودی خوای لە سەر) و عائیشە ڕازی نەدەبوون! ئەوە وەڵامی ئەو کەسانەیە، کە ساویلکەن و سادەن و هیچ ناخوێننەوە، هەروەها هیچ

لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە نییە، هەرچی خۆم بووم ئەوە هەرگیز بەو وەڵامە قەناعەتم لا دروست نەبوو.

بێگومان پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مرۆڤێکی تەواو جیاواز بوو، نمونە بوو، هەموو کردەوەکانی پاك و تەواون، ئێمەی موسڵمان پەیڕەویان دەکەین، لاساییان دەکەینەوە، وێڕای ئەمە، زۆربەی ئەو خەڵکانەی لە مەڵبەندی ئیسلامیی تۆلیدۆ –Toledo– ن لەنێویان من، هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە، کە کچێکی حەوت ساڵانەیان بدەنە پیاوێکی ٥٢ ساڵیی. ئەگەر باوکێك بەوجۆرە بەشودانە ڕازی بێ، ئەوە زۆربەی خەڵك، ئەگەر نەڵێم هەمووی، بەچاوێکی کەم سەیری ئەو باوکەو مێردە پیرە دەکەن.

هەرچەندە من هیچ بەڵگەیەکی کۆنکریتیم نەبوو، جگە لە ڕێزم بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ، بەڵام ئەگەر ئەوەش باوەڕم وابوو، ئەوە زەنم وابوو ،کە ئەو چیرۆکانەی لەبارەی ئەو هاوسەرگیرییەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و عائیشە هەن، جگە لە ئەفسانە هیچی تر نیین.

گەڕانم بەدوای ئەو پرس و پرسیارەدا، گومانەکەمی کردە یەقین، پێغەمبەری من جێنتڵمانە، هەرگیز کچێك ناهێنێت، تەمەنی حەوت ساڵ بێ، یان نۆ ساڵ. ئەو بەدواداچوونەم بۆم دەرکەوت، کە تەمەنی عائیشە بە (هەڵە) لە ئەدەبیاتی حەدیس هاتووە! لەمەش زیاتر ئەوانەی ئەو فەرمودەیان گێڕاوەتەوە، جێگای متمانە نەبوون، ئەو هەموو کێشەیە لە گێڕانەوەی(هیشامی کوڕی ئوروە) سەری هەڵداوە!

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم، ئەو بەڵگانەی خوارەوە پێشكەش بكەم، كــە هــەموویان تــەواو ئــەو گێڕانــەوەی هیشــامی كــوڕی ئــوروە هەڵدەوەشێننەوە.

بەڵگەكانی من:

بەڵگەی یەكەم: زۆربەی ئەو گێڕاوانەی لە كتێبەكانی فەرمودە هــاتوون، زێــدەری بــاوەڕپێكراو، یــاخود سەرچــاوەی متمانەو گومان هەڵنەگرن .

لەبارەی ئەو بابەتەوە،كە لە هیشامەوە ڕیوایـەت كـراوە، ئـەویش لـە باوكیـەوە وەریگرتـووە. پـێش هـەموو شـتێ، لـەڕووی لۆژیـك(منطـق) و بنـەماكانی فەرمودەناسـیەوە، دەبـێ ڕوداوێكـی ئـەوها (دوو سـێ) كـەس ریوایـەتی كردبێـت نـەك (تـەنیا كەسـێك). لـە لێوردبونـەوەمان لـەم مەسەلەیە، بۆمان دەركەوت، كە تەنیا و تـەنیا، هیشـام ئـەو ڕیوایەتـەی كردووە، هیـچ كەسێك لـە(مـەدینـەی منـەوەرە) هـەتا هیشـام خۆیشـی، هەتا لـە مـەدینـە بـووە، ئـەو فەرمودەیـەی نەگێڕاوەتـەوە، قوتابیـەكانی هیشـامیش لەنێویانــدا، مــالیكی كــوڕی ئەنــەس فــەرمودەی ئــەوهای نەگێڕاوەتـەوە، بـە شـێوازێكی زنجـیرەی ڕاویـەكانی ئـەو فەرمودەیـە، هیچیان خەڵكی مەدینـە نـین، بـەڵكو سەرچاوەی ئـەو چیرۆكە لـەزاری عێراقیەكانەوەیە. دوای ئەوەی هیشام مەدینە بەجێدەهێڵێت، دەچێتە عێراق، لە عێراقەوە ئەو (چیرۆكە) سەرهەڵدەدات، نەك لە مەدینەوە.

کتێبی (تهذیب التهذیب) یەکێکە لە کتێبە متمانە پێکراوەکانی بواری فەرموودەناسیی و، لە ژیانی ڕاویەکانی فەرموودە دەدوێت، ئەو کتێبە دەڵێت: بەگوێرەی (یاقبی کوڕی شەیبا)، هیشام یەکێکە لەو راویانەی، کە گێڕانەوەکانی تەواو جێگای متمانەن و، هەموو گێڕانەوەکانی قەبوڵکراون، تەنیا ئەو گێڕاوانەوانە نەبێت ، کە لەپاش ئەوەی چۆتە عێراق ریوایەتی کردوون.

(سەیری—تهذیب التهذیب- ابن حجر العسقلاني- دار التراث الاسلامي، سەدەی ١٥، بەرگی ١١، ل٥٠ بکە)

هەر لە هەمان لاپەڕە هاتووە، کە مالیکی کوڕی ئەنەس، هەموو ئەو گێڕاوانەی هیشامی رەتکردۆتەوە، کە لە ڕێگای عێراقیەکانەوە ڕیوایەت کراون.

کتێبێکی تر لە بواری ژیننامەی ڕاوییەکانی فەرموودەوە، کتێبی "میزان الاعتدال Mizanul-aitidal-"ـە. نوسەری ئەو کتێبە لەبارەی کەسایەتی هیشامەوە دەنووسێت: "کاتێك هیشام پیربوو زاکیرەی زۆر خراپ ببوو".

سەیری لاپەڕە (٣٠١)ی بەرگی چوارەمی ئەم کتێبە بکە.

لەمەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامە: هیشام لە پیریدا، زاکیرەی (یادەوەری) خراپ بووە، هەروەها ئەو کەسانەی لە عێراق فەرموودەیان لە ئەو ڕیوایەت کردووە، جێگای متمانە نەبوونە، بۆیە ئەو ریوایەتەی دەربارەی هاوسەرگیریی عائیشە و تەمەنی عائیشە ریوایەتی کردووە، جێگای متمانە نییە.

وێڕای ئەمەش، کرۆنۆلۆژیا(تسلسل)ی ڕوداوەکان، پەیوەندیدار بە مێژووی ئیسلامەوە، گرنگە بۆ زیاتر هەڵوەشاندنەوەی چیرۆکەکەی هیشام بن ئوروە:

* پێش ٦١٠- سەردەمی جاهیلی- پێش دابەزینی سروش وەحی-.
* ٦١٠ یەکەم دابەزینی سروش.
* ٦١٠ ئەبوبەکر موسڵمان دەبێت.
* ٦١٣ پێغەمبەر بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ ئیسلام دەکات.
* ٦١٥ کۆچ بەرەو حەبەشە.
* ٦١٦ عومەری کوڕی خەتاب موسڵمان دەبێت.
* ٦٢٠ مارەبڕینی عائیشە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لە سەر).
* ٦٢٢ کۆچکردنی پێغەمبەر(درودی خوای لە سەر) بۆ مەدینە.
* ٦٢٤/٦٢٣ رازیبوونی عائیشە ببێتە هاوسەری پێغەمبەر.

بەڵگەی دووەم: مارەبڕین The Betrothal

بەگوێرەی طبری (هەروەها هیشام بن ئوروە، ئیبن حنبل و ئیبن سعد) عائیشە لە تەمەنی حەوت ساڵیی، لە پێغەمبەر مارەکراوەو لە تەمەنی نۆ ساڵیی گواستراوەتەوە!!

طبری ، لە کارێکی تری دەنووسێ: "هەر چوار منداڵەکەی ئەبوبەکر، لە هەردوو ژنەکەی لەسەردەمی پێش ئیسلام لەدایك بوونە (لە سەردەمی جاهیلیی) بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٥٠ی تاریخ الامم و المالیك، دار الفكر، بیروت ١٩٧٩.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر عائیشە لەساڵی ٦٢٠ (لە تەمەنی حەوت ساڵی) لە پێغەمبەر مارەکرابێت و لە ساڵی ٦٢٤ (لە تەمەنی نۆساڵی) بووبێتە هاوسەری پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، ئەوە دەبێت بەگوێرەی طبری هەر خۆی، عائیشە لەساڵی ٦١٣ لەدایك بووبێت، ئەمەش هەڤدژە لەگەڵ ئەو ڕایەی طبری خۆی، کە دەڵێ: منداڵەکانی ئەبوبەکر لەسەردەمی جاهیلیی لەدایك بوو بن؟! ئەو دوو ڕایە پێچەوانەی طبری یە، جارێك زەواجی عائیشە بە (٩) ساڵ و جارێکی تر بە لای کەمی بە (١٤) دادەنێ، کەواتە لەو ڕوانگەوە، ڕای طبری لەسەر تەمەنی عائیشە، جێگای متمانە نییە، ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ!

بەڵگەی سێیەم: تەمەنی عائیشە بە بەراورد بە تەمەنی فاتیمە.

ئیبن حەجەر لە (الاصابة في تمييز الصحابة- بەرگی چوارەم- لاپەڕە ٣٧٧) دەنووسێ: "فاتیمە لە سەردەمی دوبارە بونیاتنانەوەی کابە- کەعبە لەدایك بووە، ئەوسا پێغەمبەر ٣٥ ساڵ بووە.. فاتیمەش پێنج ساڵ لە عائیشە گەورەتر بووە." بە گوێرەی ئەو ڕایەی ئیبن حەجەر، کاتێك عائیشە لەدایك بووە،کە پێغەمبەر تەمەنی ٤٠ ساڵ بووە، کاتێك پێغەمبەر بۆتە ٥٢ ساڵ، عائیشەش تەمەنی ١٢ ساڵ بووە.

بەڵگەی چوارەم: تەمەنی عائیشە بە بەراورد بە تەمەنی ئەسما.

بەگوێرەی قسەی عبدالرحمن کوڕی ابی زناد: "ئەسما (دە) ساڵ گەورەتر بووە لە عائیشە" بەرگی دووەم، لاپەڕە ٢٨٩.

هەرچی ئیبن کەسیرە لە بەرگی (٨)ی لاپەڕە ٣٧١ ی (البدایة والنهایة) دەنووسێ: "ئەسما بە (دە) ساڵ لە عائیشەی خوشکی گەورەتر بووە". هەروەها ئیبن کەسیر دەنووسێ: "ئەسما کوشتنی کوڕەکەی خۆی لەساڵی ٧٣ ی کۆچی بینیوەو، پێنج ڕۆژ دوای ئەو ڕوداوە، خۆیشی مردووە. بە گوێرەی هەندێك گێڕانەوەی تر (دە، بیست، (بیست زیاتر، ١٠٠ ڕۆژ) دوای ئەو ڕوداوەی کوشتنی کوڕەکەی، ئەوسا خۆیشی مردووە، ئەوساش تەمەنی سەد ساڵ بووە.

ئیبن حەجەر وەك ئیبن کەسیر دەنووسێ : ئەسما لە تەمەنی (سەد ساڵ)ی کۆچی دوایی کردووە، ئەو ساڵەش ساڵی ٧٣ یان ٧٤ ی کۆچیی بووە.

تەماشای لاپەڕە (٦٥٤)ی تقریب التهذیب بکە.

بەگوێرەی نزیکەی هەموو مێژوونووسان، ئەسما (دەساڵ) لە عائیشە گەورەتر بووە، ئەگەر ئەسما لەساڵی ٧٣ی کۆچی تەمەنی سەد ساڵ بووبێت، ئەوە دەبێت لەکاتی هیجرەت تەمەنی ٢٧ یان ٢٨ ساڵ بووبێت؛ ئەوەش بەگوێرەی هەموو سەرچاوەکان (دەساڵ) لە عائیشە گەورەتر بووبێت، ئەوە دەبێت عائیشە لەکاتی هیجرەت حەڤدە یان هەژدە ساڵ بووبێت؛ کەواتە کە عائیشە بۆتە هاوسەری پێغەمبەر(صلی الله علیە

وسلم) ، تەمەنی (نۆزدە) یان (بیست) ساڵ بووە.

بەگوێرەی بەڵگەی چوارەم، کە لەسەر ڕاکانی ئیبن حەجەر، و ئیبن کەسیر و عبدالرحمن مکوڕی ئەبی زەناد بیناکراوە، کاتێك عائیشە شووی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)کردووە، تەمەنی (نۆزدە) یان (بیست) ساڵ بووە.

ئەمەو ئیبن حەجەر لە بەڵگەی سێیەم، تەمەنی عائیشە بە دوازدە ساڵ و، لە بەڵگەی چوارەم تەمەنی عائیشە، بە حەڤدە، یان هەژدە ساڵ دادەنێ. ئەو هەڤدژی و ناکۆکییەی ئیبن حەجەر، جێی متمانە نییە، ئایا عائیشە (١٢) یان (١٨) ساڵ بووە؟ کامەیان ڕاستە؟!

بەڵگەی پێنجەم: شەڕی بەدر و ئوحد.

بەگوێرەی ڕیوایەتی موسلیم، عائیشە لە شەڕی بەدر بەشداری کردووە، هەروەها بەگوێرەی بوخاری، عائیشە لەگەڵ (ئوم سولەیم) بەشداری شەڕی ئوحدی کردووە.

لە (کتاب المغازی- باب الغزوات) بوخاریدا هاتووە: "ئیبن عومەر دەڵێ پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ڕێی پێنەدام لە شەڕی ئوحد بەشداریی بکەم، چونکە ئەوسا تەمەنم چواردە ساڵ بوو، بەڵام لە شەڕی خەندەق، کە تەمەنم پازدە ساڵ بوو، پێغەمبەر ڕێی پێدام، کە لەو شەڕە بەشدار بم، چونکە تەمەنم پازدە ساڵ بوو".

ئەمە لەلای پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) یاسا بوو، ئەو کەسانەی تەمەنیان لەخوارەوەی پازدەساڵی بووە، نەیهێشتووە لەشەڕ بەشداریی بکەن، کەواتە تەمەنی پازدە ساڵیی، مەرج بووە بۆ ئەوەی

هەرکەسێ بتوانێت بەشداریی شەڕ بکات. جا ئەگەر ئەمە بۆ کوڕ وابێ، دەبێ بۆ کچ چۆن بێ؟! ئەو بەشدارییەی عائیشە لە (بەدر) و (ئوحد)، تـەواو ئـەوە سـاغ دەکاتـەوە، کـە عائیشـە تەمـەنی لـە سـەرووی پازدەساڵیەوە بووە، ئەگەرنا پێغەمبەر ڕێی پێنەدەدا بەشداریی شەڕ بکات.

بەڵگەی شەشەم: سوڕەتی القمر.

دابـەزینی سـوڕەتی (القمـر) بەڵگەیـەکی تـرە، چیرۆکی نۆساڵەی تەمەنی عائیشە لەکاتی شوکردنی بە پێغەمبەر(صلی اللەعلیە وسلم) هەڵدەوەشێنێتەوە.

بەگوێرەی دابێکی باوەڕپێکراوی گشتیی، عائیشە هەشت ساڵ بەر لە هیجرەت لـەدایك بـووە، بـەڵام بـەگوێرەی گێڕانەوەیـەکی تـر، کـە لـە بوخاریـدا هـاتووە: "عائیشـە دەڵێـت: مـن کیژۆڵەیـەکی گـەنج-جاریـە- بـووم، کـە سـورەتی ئەلقەمــەر - مــانگ - دابــەزیی. ئــەو سـوڕەتەی قورئان،کە هەشت ساڵ پێش هیجرەت دابەزیوە.

جا ئەگەر ئەو بانگەشەیەی دەکرێ، کە عائیشە لە ساڵی ٦٢٣ یان ٦٢٤ تەمەنی نۆ ساڵ بووبێت و شووی بە پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) کردبێت، ئەوە دەبێ لە سەردەمی دابەزینی سوڕەتی ئەلقەمەر عائیشە زارۆك-سەبیلۆکە- صبیە بووبێ، نەك (جاریە!). کە ئەمەش پێچەوانەی مێژووی دابەزینی قورئانە!!

بـەگوێرەی ڕوداوی دابـەزینی سـورەتی ئەلقەمـەر عائیشـە گـەنجێکی چـالاك بـووە، چـونکە وشـەی (جاریــە) لــە عــەرەبیی، بــە کچـێك

دەگوترێت،کە تەمەنی ٦-١٣ ساڵ بێت. ئەم لێکدانەوە ماتماتیکیەش، دەکرێت بەم هاوکێشەیە چارەسەر بکەین:

کاتی دابەزینی سورەتەکە، هەشت ساڵ پێش کۆچکردنە.

تەمەنی عائیشە ئەوسا ٦-١٣ ساڵ بووە.

تەمەنی عائیشە لەکاتی کۆچکردن ١٤ - ٢١ ساڵ بووە.

تەمەنی عائیشە لەکاتی شوکردنی بە پێغەمبەر ١٥ - ٢٢ ساڵ بووە.

٨ : پێش کۆچ.

٦ - ١٤ : لێکدانەوەی واتای جاریە.

١ : کۆچی

تەمەنی عائیشە:

کەمترین تەمەن : ١٥ساڵ.

زۆرترین تەمەن : ٢٢ ساڵ.

تەمەنی تەقریبی : ١٩ ساڵ.

بەڵگەی حەفتەم:زاراوەسازیی (تەرمینۆلۆژی) عەرەبی

بەگوێرەی گێڕانەوەیەك، کە لە موسنەدی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل داهاتووە، پاش مردنی خەدیجە، یەکەم هاوسەری پێغەمبەر، خەولەخان هاتۆتە لای پێغەمبەر، داوای لێکردووە، کە جارێکیتر ژن بهێنێتەوە، لە وەڵامدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموە: هیچ کەسێکت لە خەیاڵدایە؟ خەولەش پێی گوتووە: دەتەوێت کچ (بکر) بێنیت، یان بێوەژن (ثیب)؟ کاتێك پێغەمبەر پێی دەفەرموێ :

کچ . خەولەش دەڵێت: کە کچێکی لە خەیاڵ دایە بۆی؟ خەولە ناوی عائیشەی هێناوە.

ئەوانەی شارەزای زمانی عەرەبین، چاك دەزانن وشەی (بکر) لە زمانی عەرەبی، بۆ کچێکی نابالغی تەمەن نۆساڵە بەکار نایەت، بەڵکو بۆ کچی بالغ "باڵەق بوو- خۆ ناسیو". عەرەب وشەی (جارية)ی هەیە. وشەی "بکر" لەزمانی عەرەبیدا بۆ ئەو کچانە بەکاردێت، کە شوی نەکردبێت، هەروەها ئەزموونیجنسیی و سێکسیی پێش زەواجکردنی نەدیتبێت. لەم ڕوانگەوە، بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین: کە خەولەخان چاك دەیزانی عائیشە کاتی شوکردنی هاتووە، بۆیە بۆ پێغەمبەری دیارکردووە، هەروەها لەڕوی زمانەوەش، بەهیچ جۆرێك وشەی "بکر" بۆ کچێکی تەمەن نۆساڵە بەکار نایەت.

سەیری موسنەدی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، بەرگی شەشەم، لاپەڕە ١٢٠، چاپی (دار احياء التراث العربي)، بکە.

لەم گێڕانەوەیەش دەردەکەوێت، کە عائیشە، نەك لەکاتی زەواجکردن، بەڵکو لەکاتی دیارکردن و مارەبڕینیش لە ڕووی سێکسیەوە، تەواو خۆی ناسیوە، بۆیەش خەولەی دۆستی خەدیجە، عائیشەی بۆ پێغەمبەری دیارکردووە.

بەڵگەی هەشتەم: دەقەکانی قورئان.

هەموو موسڵمانەکان ئەو ڕاستییەیان تەواو قەبوڵە، کە قورئان ڕابەرنامەیە، ئاڕاستەنامەیە. لەبارەی مەسەلەی تەمەن و زەواجی عائیشەش، با لە دەقەکانی قورئان بگەڕێین، بۆ ئەوەی ئەو

"تارمایی" و "دوكەڵ" و "لێڵێی" و "سەر لێتێكچوونانە" لابەرین، كە هەندێك لە پیاوە ناودار و دیارەكانی سەردەمی كلاسیكی ئیسلام، لە دیاركردنی تەمەن و زەواجی عائیشە خوڵقاندویانە! با بپرسین، ئاخۆ قورئان ڕێ دەدا، یان ڕێ نادا بە پرۆسەی هاوسەرگیریی كچێكی خۆنەناسیوی تەمەن حەوت ساڵە؟

لەقورئانندا هیچ دەقێك نییە، بەڕاشكاوی ڕێ بەو جۆرە زەواجە بدات. ئایەتێك لە قورئاندا هەیە، كە گوتارەكەی ئاراستەی موسڵمانانە بۆ ئەوەی هەتیوان بەخێو بكەن. ئەو دەقەش لە سورەتی (النساء- ئافرەتئایەتی ٥-٦) هاتووە: "ماڵی خۆتان مەدەنە دەست كەم عەقڵان، بەڵام جلك و بژێوییان لە ماڵی خۆتان بۆ دابین بكەن و، بەڕووی خۆشەوە بیاندوێنن، هەتیوان تاقی بكەنەوە، تا دەبنە گەنجی ڕەشیدە (هەتا خۆیان دەناسن)، جا ئەگەر دیتان خاس و خراپ لەیەكتر جوێ دەكەنەوە، ئەوسا ماڵیان بدەنەوە."

بەگوێرەی ئەو دەقەی قورئان، مرۆڤی موسڵمان، ئەو ئەركانەی خوارەوەی لە بەرانبەر هەتیو لە ئەستۆدایە:

١- نانیان بدات، بژێوییان بۆ دابین بكات.

٢- جل و بەرگیان بۆ پەیدا بكات.

٣- دایاننێتە بەر خوێندن و پەروەردەیان بكات.

٤- تاقییان بكاتەوە، ئاخۆ لەڕووی عەقل و جنسەوە پێگەیشتوون، ئەگەر ئەم دووەیان هەبوو، ئەوا ئەو هەتیوانە لە خەم دەردەچن و، خۆیان دەبنە بەرپرسی ژیانی خۆیان.

وەك لە مەرجی چوارەمدا دەردەكەوێت، كە ئەو دەقەی قورئان جەخت لەسەر پێگەیشتنی عەقڵیی و سێكسیی هەتیو دەكات، بۆ ئەوەی ماڵ و موڵكی خۆیان، بۆخۆیان بەكاربێنن.

سەبارەت بە كارەكەی ئێمەوە ئەوەیە، ئەو كەسەی لەڕووی سێكسیەوە خۆی نەناسێت، بالق نەبێ، (عادەبوونی نەبینێ) شایانی ئەوەی نابێ، كە زەواج بكات، چونكە خودی زەواجیش پەیوەستە بە پێگەیشتنی عەقڵیەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو ئایەتەی سورەتی (نیساء)دا هیچ موسڵمانێكی خاوەن عەقڵ، ئیدارەی كاروباری دارایی ناداتە دەست كچێكی خۆناناسیوی تەمەن حەوت ساڵە، چونكە ئەمە لەگەڵ قورئان تێكناكاتەوە!

جا ئەگەر ئێمە متمانە بە كچێكی تەمەن حەوت ساڵە لە بەڕێوەبردنی كاروباری دارایی نەكەین، بێگومان ئەو كچە لەڕووی عەقڵیی و جەستەیەوەش، ناگونجێ كە زەواج بكات!

وەك پێشتر گوتمان ئەو لێڵیی و تارماییە، دەربارەی تەمەن و زەواجی عائیشە لە دەمی هەندێك زانای موسڵمانەوە هاتووە، ئەوەتە ئەحمەدی كوڕی حەنبەل لە موسنەدەكەی - بەرگی شەشەم، لاپەڕە (٣٣) و لاپەڕە (٩٩) "بانگەشەی" ئەوە دەكات كە "عائیشە تەمەن نۆساڵی ئەوەندەی مژۆڵی بوكانێ (یاریكردن بە ئەسپی یاری) بووە، ئەوەندە ئەركی خۆی وەك ژنێك پێ نەدەكرا".

بەڕاستی دژوارە مرۆڤ باوەڕ بەو دەقە بكات. ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

هۆی یەکەم: ئەبوبەکری گەورە بڕواداری ناو موسڵمانان، ڕازی بێت کچێکی حەوت ساڵانەی خۆی، کە هێشتا خەریکی وازی و بوکانێ بێت، بە پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵیی بدات!

دووەم هۆ: بە هەمان دژواریی، بەڵکو زیاتریش، مرۆڤ ناتوانێت خەیاڵی ئەوە بکات، یان هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵ دابێت، کەسێکی وەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کچێکی تەمەن حەوت ساڵانە بێنێ.

ئەرکێکی تری گرنگ، کە بەگوێرەی دەقە قورئانییەکە، لە ئەستۆ بگرین و، کاری بەخێوکەرە "فێرکردنی هەتیوە، پەروەردەکردنیەتی" با ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین؛ چەند کەس لەئێمە باوەڕی وایە، کە ئێمە دەتوانین منداڵەکانمان بەتەواویی و بەدروستیی پەروەردە بکەین، پێش ئەوەی دەگەنە تەمەنی حەوت ساڵیی، یان نۆ ساڵیی؟ بێگومان وەڵامەکە "کەس"مان نابێت. لەڕووی لۆژیکەوە، بەڕاستی ئەرکێکی دژوارە، کە منداڵێکی حەوت ساڵانە بەشێوەیەکی پڕ ڕەزامەندیی پەروەردە بکەین. لەم ڕوانگەوە چۆن دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین، کە عائیشە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا-کە لە نەزەر هەندێك کەسەوە تەمەنی بەشودانی بووە- تەواو پێگەیوەو تەواو ڕۆشنبیری سێکسیی وەرگرتوە؟!

ئەبوبەکر لە هەمووومان دادوەرتر بووە، بۆیە ئەو بە تەواوی لە بەرانبەر کچەکەشی هەروا بووەو زانیویەتی، کە عائیشە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا منداڵ بووەو، بەگوێرەی قورئان ئەو منداڵە لەو تەمەنەدا تەواو ڕەشیدە نەبووە، تاکو چاك و خراپ لەیەك

جیابکاتەوە. بۆیە هەرگیز ڕازینەبووە کچەکەی لەو تەمەنە بە هیچ کەسێك بدات. ئەگەر پێشنیازی داواکردنی-داخوازی کچێکی خۆنەناسیو لە ڕووی سێکسەوە، یان هەتا بلێی کچێکی حەوت ساڵانەی پەروەردەکراوی وەك عائیشە هاتبوایە لای پێغەمبەر، ئەوە پێغەمبەر دەستبەجێ ئەو پێشنیاز و داخوازیەی ڕەتدەکردەوە، چونکە نە پێغەمبەر و، نە ئەبوبەکر ناتوانن پێشێلی هیچ پەرەگرافێکی، یاخود بەندێکی قورئانی پیرۆز بکەن.

لەم بەڵگەیەش دەگەینە ئەم ئەنجامە:

<u>بانگەشەی زەواجی عائیشە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی پێویستیی و مەرجەکانی پێگەییوی (خۆناسینی سێکسیی) لە قورئان دەگەیەنێ، چونکە بەپێی قورئان، کچ هەتا نەگاتە قۆناغی خۆناسین، لە ڕووی لۆژیك و عەقل و جەستەوە، ئامادەگی زەواجی تێدانیە</u>، لەم پێودانگەوەش، ئەو بانگەشەیەی، کە لە هەندێ کتێبی کۆنەوە دەرهەق زەواجی عائیشەیەکی خۆنەناسیو کراوە، جگە لە ئەفسانە هیچی تر نییە.

بەڵگەی نۆیەم: ڕازیبوون لە هاوسەرگیریی.

لەئیسلامدا، ئافرەت دەبێ ڕاوێژی پێبکرێت و ڕای وەربگیرێ؛ ئەویش ڕازی بێت بۆ ئەوەی هاوسەرگیرییەکە شەرعیی بێت.

(مشكاة المصابيح- وەرگێڕانی جەیمس رۆبسن، بەرگی یەكەم، لاپەڕە ٦٦٥)

لەڕووی بنەماكانی ئیسلامەوە (رێپێدانی متمانە پێكراو ئافرەتان- ئازادی پێدان بۆ گوزارشت كردن لە رای خۆیان) مەرج و پێداویستییەكی زەرورییە، بۆ ئەوەی هاوسەرگیرییەكە شەرعیی بێت. بە هیچ جۆرێ خەیاڵ ناكرێ ئەو رێپێدانەی كچێكی خۆنەناسیوی تەمەن حەوت ساڵانە دەیدات، بەهیچ جۆرێك دەسەڵاتێكی شەرعیی بێ بۆ هاوسەرگیریی.

هێندە نالۆژیكیە، كە باوەڕ نەكرێ ئەبوبەكرێكی ڕۆناكبیر، ڕوخسەتی كچێكی حەوت ساڵانە بدات، شوو بە پیاوێكی پەنجا ساڵیی بكات، بەهەمان شێوە، هەرگیز پێغەمبەر ڕوخسەتی كچێكی حەوت ساڵانە وەرناگرێ، كە بە قسەی موسلیم ئەوەندە بچووك بووە، یارییەكانی لەگەڵ خۆی بۆ ماڵی پێغەمبەر لەگەڵ خۆی بردبێت. چ لۆژیكێك ئەوە قەبوڵ دەكات، پێغەمبەر كچێك بێنێ، شەوی بوكێنیی یارییەكانی لەگەڵ خۆی بێنێ؟! نەدەبوو موسلیم بەهیچ جۆرێك ئەو (ئەفسانەیە!) لەناو كتێبەكەی دابنێت!!

لەم بەڵگەیە دەردەكەوێت، كە پێغەمبەر كچێكی حەوت ساڵانەی نەهێناوە، چونكە ئەو دەیزانی ئەمە پێشێل كردنی بنەماكانی هاوسەرگیریی ئیسلامییە، بۆیە پێغەمبەر عائیشەیەكی ژیر و خاوەن ئاوەز(عقل) و خۆناسیوی هێناوەو، گێڕانەوەی دروست ئەمەیە، هەرچییەكی تر لە هەركوێ هاتبێ ،جگە لە ئەفسانە هیچی تر نییە!

کورتەی توێژینەوەکە:

نە لە کەلتوری عەرەبدا هەبووە کچێکی حەوت ساڵیی، یان نۆساڵی بدەنە شوو، نە پێغەمبەریش لەو تەمەنە عائیشەی هێناوە. عەرەبی جەزیرە دژی ئەو هاوسەرگیرییە نەبوونە، چونکە بەهیچ جۆرێك هاوسەرگیریی ئەوها، وەك لە گێڕانەوەکاندا هاتووە، لە ئەرزی واقیعدا رووی نەداوە؛

گێڕانەوەی هیشامی کوڕی ئوروە، سەبارەت بە شوکردنی عائیشە لە تەمەنی نۆ ساڵییدا، بەهیچ جۆرێك بەڕاست دانانرێت، چونکە چەندەها گێڕانەوەی تر هەن، تەواو هەڤدژن لەگەڵ ئەو گێڕانەوەی وی. وێڕای ئەمەش، هیچ لۆژیکێك لەوەدا نیە، کە ئەو گێڕانەوەی هیشام بە دروست وەربگیرێت، چونکە زانایان لەنێویاندا، مالیکی کوڕی ئەنەس ئەو گێڕانەوەی هیشامی بە بێ بنەماو بێ متمانە داناوە، هەروەها هۆی ئەو ڕایەش ئەوەیە هیشام، کە ئەو گێڕانەوەیەی کردووە لە عێراق بووە، زاکیرەی لاواز بووەو، ئەوانەی لەویشیان گێڕاوەتەوە، جێگای متمانە نەبوونە!

ئەو قسانەی لە کتێبەکانی طبری و بوخاری و موسلیم سەبارەت بە تەمەنی عائیشە هاتوون، لەگەڵ یەك ناکۆکن و یەکتر هەڵدەوەشێننەوە، بۆیە لەو بابەتەوە زانستیی نین. لەمەش زیاتر، زۆرێك لەو زانایانە، هەتا لە نوسینەکانی خۆیان ڕای هەڤدژی یەکتریان تۆمارکردووە.

لەم پێودانگەوە، بەڕاشکاویی دەڵێین: گێڕانەوەی تەمەنی عائیشە لەکاتی شوکردنی بە پێغەمبەر، جێگای متمانە نییە، چونکە لەو نوسینانە هەڤدژییەکی ڕوون هەیە.

لە ئەنجامدا، هیچ هۆیەك نییە باوەڕ بەو زانیاریانەی تەمەنی عائیشەوە بکەین، چونکە لەڕوانگەی ئیسلامەوە، دەرفەتی تەواو هەیە ئەو جۆرە "قسانە" ڕەدبکەینەوەو، هەتا بە ئەفسانەی دابنێین. وێڕای ئەمەش قورئانی پیرۆز بەڕاشکاویی زەواجی کچی خۆنەناسیو و، هەروەها کوڕی نابالغس ڕەددەکاتەوە، هەروەها بەرپرسیارێتیشیان پێ ناسپێرێت.

سەرنج:

١- شانەڤاز، دکتۆرە لە میشیگان. ئەم نووسینە بۆ یەکەمجار لە ئازاری ١٩٩٩ لە minaret بڵاوکراوەتەوە.

٢- مامۆستا موسعەبی کوڕی مەلا جەمیلی شاوێسی ئەم دەقە ئینگلیزییەی کاتێك لە لەندەن بووم، بۆ ناردم.. هەروەها ئەوەندەی من ئاگام لێبێت، کاك موسعەب ماوەیەك بوو خەریکی ئەم باسە بوو، هەتا نووسینێکیشی بەسودوەرگرتن لە هەندێك سەرچاوەی عەرەبی نووسیوە.. بۆیە من سوپاسی دەکەم.

٣. وەك لە پێشەکیەکە ئاماژەم پێدا، تەمەنی عائیشە چەند بێت، ٩ساڵیی، یان ١٨ ، ١٩ و ٢٢ ساڵیی، هیچ لە باوەڕی وەرگێڕی ئینگلیزی ناگۆڕێت ، چونکە وەرگێر باوەڕی وایە، کە پێغەمبەر ، پێغەمبەر بووە، بۆیە بە فەرمانی خودا عائیشەی هێناوە ، زاتی خوداش هەموو کارەکانی بە جێن . بەڵگەکانی نووسەر لۆژیکین و گشتیی، لە ژێدەری ئیسلامیی وەرگیراون ، بۆیە لەو ڕیوایەتەی هیشام، لە عیراقی فیتنە مەقبولترن و نزیکترن لە گیانی ئیسلام و ژێدەرە متمانە سپێکراوەکان.

ناوەرۆك

نوو...
بۆ بڵاوک...
هەولێر - شەقامی ... ژێر هوتێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com